

# له سیناریۆیەكی كۆمیدیدا پەرلەمانتاران سوێندییان خوارد

عەلی مەحمود محەمەد

2005-6 -4

عەدنان موفتی (ئیعتیزارە کەین کۆبونەوە دواکەوت , بەلاّم بەخێر کەوتەوە , هاوپەیمانییەتی لە جاران بەهێزترە) .

هەر دەتوانم بلّێم خوا ئەم جارەش ئەم هاوپەیمانییەتییە بەخێر بگێرێت .

پەرلەمانی ڕابردوو بڕیار بوو ساڵێك تەمەنی بێت , ئەگەر ژمارە 13 ساڵەی تەمەنی سەری نەخواردایە , تا دوا کەسیمان نەنایاتە چاڵ لە کۆڵمان نابوەوە , باوەڕ ناکەم لەو 13 ساڵە خێری تورێکییان بۆ گەل هەبوبێت , ئیتر چۆن ناوی نوێنەری گەلییان لیّ بنێین ! .

ئەمەی ئەمجارەش بڕیار بوو بۆ ساڵێك بێت , خوا بە گەورەیی خۆی نازانێت چەند تەمەنی دەبێت , ئەگەر عێراق و ئەمەریکا لێیان توند نەکات نیو سەدە بەسەرە بات , ئەگەر تەمەنی نوحی نەبێت .

ئەوەی چاکە عێراق فشەی بە ئەزمونە دیموکراتییەکەی کوردستان دێت , دەنا وا نەبوایە مەجلسی حوکم یەك سەدەی دەویست تا لە کۆڵمان بێتەوە , ئاخر کەس بە دژی خۆی نالێت تورشە , سادەترین کەس تێدەگات لە کوردستانێك نیو سەدە سەرانی نەگۆڕێت , دیموکراسی نییە .

سیاسیە ئەفساناوییەکانی کورد , تەنانەت ئەوانەشی فایلی نهێنییان تا ئێستا ئاشکرا نەبووە , هەرچەندە زۆریان فایلی چەند ژنەو دزی و تیرۆر و سەرکوت و پەیوەندی گوماناوی لەگەڵ وولاّتانی دەوروبەرییان محەمەد ڕەسول اللّە ئاشکرایەو هاوارە کات , چەندە شهادەیان بەرزتر دەبێت , ئەوەندە زیاتر ترسنۆك دەبن لە بەرامبەر کامێراکان , بەرامبەر فەقێیەکی عەرەب زراوە تروك دەبن , ئاخر ئەگەر مۆسیقاو بێژەر و نوسەرە قەڵەم هەراج کراوەکان فریایان نەکەون , خۆیان هێڵنجیان بە قسەکانی خۆیانا دێتەوە , ئەوە باسی ئەو نوسەرانە ناکەم چاوپێکەوتن و بابەت بۆ بەرپرسان دەنوسنەوەو دای دەڕێژنەوە . تا لە شاخ بوون قۆپیە سانا بوو , بەلاّم کامیرا هەموو ئەفسانەیەکیانی کرد بە کۆمیدیا , ڕاپەڕین سەری ئەفسانەبوونییانی خوارد .

ژنەکەی حەریری و کوڕەکەی ئەو نامەیەی بۆیان نوسرابوو نەیان زانی بە تەواوی بیخوێننەوە , کەچی هەموو کورسییەکانی بەیروتییان بردەوە , پارتەکەی مەهدی عامل و حوسێن مروەو سەدان بیرمەندی کە 1 کورسیشی نەهێنایەوە , ئەمەیە مەهزەلەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتدا . هەمان مەهزەلە لە پەرلەمانەکەی کوردستان دوبارە بووەوەو دەشبێتەوە .

زۆرجار قوتابییەکانی ڕیزی دواوە , کە زۆربەی جار تەمەڵەکانیش بوون , تا نۆرەیان دەگەیشتێ شیعرە عەرەبییە قورسەکان و ئایەتەکانییان بە باشترین تەلەفوزەوە ئەزبەرە کرد , تەمەڵترین قوتابی ئەگەر چەند ووشەیەك هەڵەی بکردایە ئابڕوییان دەبرد , کەچی پەرلەمانتارەکانی ئێمە بە خوێندنەوەشەوە نەیانتوانی ئەو دێرو نیوەی سوێندەکەیانی پێك دەهێنا نەك لەبەر بکەن بە 111 جار دوبارە کردنەوەشەوە , بەڵکە بشی خوێننەوە , ئیتر نازانم چۆن دەتوانن خەمەکانی ئێمە لە داهاتوو بگەیەنن .

کوردییەکەی ئەشرەف قازی پاکستانی و سوێند خواردنەکەی ئاشوری و کلدانی و تورکمانەکان زۆر باشتر بوو لە پەلەمانتارە کوردەکان , ئەگەر یەکێك کوردییەکەی دوکەڵ کات کوردایەتییەکەی دەبێت چی بکات , بە فایل مەمنونین .

نازانم فێڵ کردن چ هونەرێکی تیایە , سڕینەوەی ووشەی عێراق لە پاڵ کوردستان چ قارەمانییەك دەگەیەنێت کاتێك یەکێك لە جەلادانی سەرسەختی کورد ئاغای پەناهی لە کۆبونەوەکە قسە بکات و ئامادەی سوێند خواردنەکەت بێت , پاراستنی یەکێتی کوردستان بە چەپڵە لێدان بۆ جەلادێکی کۆماری ئیسلامی ئێران گاڵتەجاڕییەکی هەرزەکارانەیە .

ئەو سوێندە بەچی دەگات ئەگەر سبەی ئەم پەرلەمانەش وەك ئەوەی ڕابردوو سفتاحی کارەکانی خۆی بە پەکەکە کوشتن دەست پێبکات , بێدەنگ بێت لەبەرامبەر تیرۆری نیوە ئاشکرای تێکۆشەرانی کۆمەڵەو دیموکرات .

داکۆکی لە یەکێتی خاکی کوردستان سوێندێکی سانا نییە , سەرپێیانە پۆزی پێوە لێبدرێت , ئەو پەرلەمانتارە کوردستانییانە لە کوێ بوون کاتێك زیاتر لە 400 تێکۆشەری کوردستانی خۆرهەڵات بە تاك و بەکۆمەڵ تیرۆر کران ؟؟ , ئەوانە لە کوێ بوون لە ماوەی ئەم 14 ساڵەدا سەدان تێکۆشەری کوردستانی باکور لە شەڕ و بە دیلی شەهید کران ؟.

سوێند ئەوکاتە جێی متمانە دەبێت , قارەمانانی شەڕی ناوخۆیی ڕێگەیان پێ نەدرێت بچنە ژورەوە , دزەکانی کۆمەڵ چۆن دەتوانن سوێند بە داکۆکی لە بەرژەوەندی باڵا بخۆن , ئاخر گەورەترین دوژمنایەتی بەرژەوەندی باڵا دزینی سەروەت و سامانی گەلە .

ئەوانەی عێراقەکەیان پەڕاند با ئێستا شەهامەت بکەن بلێن ئەو سوێندە هەڵە بووە بەرەی دووەم خوێندویانە , با بەکۆمەڵ ناڕەزایەتی نامە بەرز کەنەوە ؟؟ , بۆیە پێویستە سوێند خواردنی پەرلەمانی کوردستان دووبارە بکرێتەوە , بزانین کاملا بەهەڵە سوێندەکەیان خواردووە , ئەوە گەمەیەکی سانا نییە , سوێندی کوردستانییانەی هیچ ئەندامێکی لیسی هاوپەیمانییەتی نیشتمانی بە تورێك کرِیاری نییە , چونکە بەرنامەی هەڵبژاردنیان لەبەر دەستماندایە . هەرچەندە بەچی سوێند بخۆن لەبەر ئەوەی گونییان بەدەست پارتەوەیە هیچییان پێ ناکرێت . هەموومان دەزانین کاری ئەمڕۆی ئەو پەرلەمانە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و شەرعییەت دانە بە تاڵانکردنی کوردستان , ئەگەر وانییە ئەوەعەرزو ئەوە گەز .

### سیناریۆی دیاریکردنی سەرۆك و جێگیرییەکەی

هەرچەندە ئەو دوو پارت و حکومەتە مێشکی دنیایان بردوە بەوەی کوردستانییان کردووە بە بەهەشت , بەڵام نەیانتوانی ئامێری فێنك کردنەوە بۆ میوانەکانییان دابین کەن لەو ڕۆژە مێژوییەی شەرعیەت بە دوبارە کردنەوەی دەسەڵاتییان دەدات , میوانەکان کاغەزەکانی دەستییان نەبوایە گەرمای حوزەیران هەموویانی دەکوشت . بە پێچەوانەی گەرمایی هۆڵەکە سیناریۆی دانانی سەرۆك و جێگیرەکەی ئەوەندە سارد بوو پێکەنینی خزاندە جەستەی هەموانەوە , خوا بکات ڕاگەیاندنە بیانییەکان سەرییان لەو سیناریۆیە دەرنەکردبێت , دەنا ئیتر ئەگەر باسی دیموکراسییەتی کوردستانییان بۆ بکرێت , باشترین وەڵام جرتە . کەماڵ کەرکوکی عەدنان موفتی هەڵبژارد , ئەویش پیاوەتی دایەوە ئەوی کرد بە جێگیر , هەمووشمان 7مانگە ئەم فلیمەمان دەزانی و

ناوەکانمان بۆ ڕون بوو . یەکگرتوو مێشکی هەموومانی بردووە بۆ سکرتێری پەرلەمان , لەوێ نەك نەیانتوانی فزەیەك بکەن , بگرە لە ترسان هەموو سویندەکەیان بە هەڵە خوارد و لچییان تەتەڵەی دەکرد . کێ دەوێرێت خوێ بپاڵێوێت , کەسییان بە دەست و مقامی خۆی دەرنەچووە ئەگەر پارتەکەی نەبێت و دەستەمۆی سەرکردایەتییەکەی نەبێت . هەڵبژاردن و تەسکیەو چەپڵەو دانان هەمووی دوو دەقەی نەخایاند , ئەمە دوبارە بونەوەی ئەو مێژووە بوو کاك مەسعود باسی کرد , نەك دوبارە بونەوەی مێژووی 4-6 , هیوادارم مێژوەکانی ڕابردوو هەمو دوبارە نەکەنەوە تا بەقوڕا گەل نەبەنە خوارێ , بەڵام لام مسۆگەرە تا ئەم دوو پارت و کەسە لە دەسەڵاتدا بن مێژووە کۆمیدییا خوێناوییەکان ڕۆژانە دوبارە دەبنەوە و ئەوەی بە کەرایەتی سەدام دەستمان کەوت ئەوان لەبەرژەوەندی گیرفانییان دەیدەن بە ئاوا .

بەڕێز مەسعود بارزانی بە پەرلەمانتارانی ووت : ئێمە گلەییتان لێ دەکەین بە ڕۆڵی خۆتان هەڵنەسن .

دەپرسم ئەگەر بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن و ئەو ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەی تۆو تاڵەبانی هەڵوەشێننەوە کە جگە لە هەردووکتان و کۆمەڵێك گەل پێی ڕازی نییە چی دەکەن ؟؟ , ئەگەر نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بن لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەن ! , بۆیە لە ئێستاوە بەگلەیی خۆتان هەڵسن ئەمانیش ماڵیترین نوێنەر دەبن , مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە , ئەگەریش نا بە گۆچانەکانتان .

## داکۆکی لە بەرژەوەندی گەل

یاسایە پەرلەمانی بەهێز کەسایەتی بەهێز دروستی دەکات , بەڵام ئەندامەکانی لاواز بن ئەوا پەرلەمانەکەش وەك ئەندامەکانی بودەڵەو لاواز دەبێت .

زۆربەی پەرلەمانتاران دەم بە تەتەڵەوە سوێندەکانییان وا خوارد ئابڕوی زمانی کوردییان برد , باشە سبەی بە هەڵوێستە لاوازەکانییان چۆن ئابڕوی هەموو کورد نابەن . پەخشان زەنگەنە خۆی پێ نەگیرا ماستاوی خۆی کرد , یەکگرتوو لە ژورەوە نقەیان لە خۆیان بڕی , ئیتر دڵی چیمان بەو دەنگە جیایانە خۆش بێت , سفتاح بە ماستاوو ترسنۆکی دەست پێبکات , مەرگ باشترین دیارییە بۆ خۆشەویستان نەك زەلیلی , ئەوانیش لەوێ نەبونایە نەك ئاوا سوك بونایا .

ئەو دەموچاوانە زۆرییان لە سیاسەتدا نوێ بوون , هەندێکیشییان سجلی سیاسی و دەست پاکییان قەترانی بوو , لە ڕابردوودا زۆر سوێندیی کەیان خواردبوو خیانەتییان بەرامبەری کردبوو , یەکێك جارێك سوێندی درۆی خوارد , جار دیکە نابێت متمانەی سوێند خواردنی پێ بدرێتەوە , ئەوەی خوییەکی گرت بەشیری تەرکی ناکات بە پیری .